# هەشت هۆنراوە لە وەدیع سەعادەوە

لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف



### گوڵێکی نهێنی

بەر لەوەی خەو بیباتەوە
لای گۆڕەپانە خامۆشییەکانی
کچە، نینۆکی خۆی کردو
قرتێندراوەکانی هەڵدا نێو ئەستێڵکەی گوڵانەوە
لە بەیانییەکەیدا
دەستێکی بچکۆلانە
لەناو ئەستێرکەکەدا ڕوا بوو

### شوێنەکانیان

بەسەر ئەم ڕێگایەدا
لە بیرچوونەوە، وێستگەی نییە
دەستێک بەر لەچەند نەوەیەک
دەسی لە ڕێبواران دابێت
ئەوا جارێکی تر دەسیان لێدەدات
سەر لەنوێ
تۆزەکانیان دەکەوێتە بن پێیەکانییەوە
سوارێکیان دەویست، جا هات
خێرا ڕەتبوو و بەسەر کراسەکانیانەوە
شنەبایەکی جێهێشت
لە سێبەرەکەیەوە، شتێک کەوتە سەر ڕێگا
هەر لەوساوە
پیادە لەجێوە بەسەر ئیسفەلتا
دەسووڕێنەوە
دانیشتووەکانیش بەکورسییەکانەوە
بزمارکوت کراون

### پێکهاتە

بە پاشماوەی ئەو بەراسمانە باریکەی بەردەستان

هەوڵی دا سەر لەنوو گەردوونێک بنیاد بنێتەوە
بە فرمێسکێک، ئەستێرەیەکی وێنەکێش کرد
بەنیگایەک، مانگێک
بەدەسلێدانیک، هەتاوێک
کە چاوەکانیشی داخست
بەسەر شۆسەی پێڵوویدا
خەڵکەکە بەرەو کارەکانیان دەڕۆیشتن

**وڵاتێک**

ناوەکەی لە ئاوەوە هێناوە
هەڵڕژا
ئەو کەفو کوڵەی بەسەر شەپۆلەوە
بینیمان
ئەوا خەڵکەکەی بوو
گیای سەر گردەقومیش
پەراسووەکانیانە
وڵاتێکە
گشت پیاوەکانی جێیدێڵن
بۆیە
ئافرەتەکانی
مێردیان بە درەختان دەکرد

**ئارەزوویەک**

هەر تەنیا ئارەزوویەک بوو
سەیوانی خۆمان هەڵگرین و لەبەر بارانا خەندە بکەین
بڕێک لەناو شەقامەکان یاری بکەین و
بەسەر شۆستەدا
وردەیەک لە شووشەی جیهان
بەجێ بێڵین

**پیاسەی ئەو ڕۆژێهێ**

ئەو ڕۆژەی کە ڕووی
پەنجەی هەر دوو دەستی بەسەر قوفڵی دەرگەوە
مابوون
بەسەر شۆستەدا هەردوو پێی
بەسەر قیرِی شەقامدا توێژێکی پێستەی
ئەمە پیاسەیە یان مردنە؟

لێیان پرسی
کە هەردوو قۆڵی بڵند کرد
وتیان
دەیەوێ بفڕێ
خۆیشی ئاماژەی
بۆ ڕووی خۆی دەکرد

**ژیان لەوێ**

منا ڵەکەی ناشت و
ساڵانێک چاوەنواڕ بوو
لە تەکیا بخەوێت
وەختێ ژنەیان
لەو خۆڵەدا شاردەوە
تەمەنی ڕۆژێک بوو
ئەویش بوو بە پیرەمێردێک

**باخچە**

چەند جارێک کوشتیانەوە
تا بە چەند لاشەیەکەوە پەرت بوو
کێلەکانی گۆڕی خۆی نەدەژمارد
هەر لە باخچەی پشتەوەیدا
پیاسەی دەکرد

* وەدیع سعادە- شاعیرێکی لوبنانییە، کۆمەڵێک دیوانی چاپکراوی هەیە لەوانە: (ئێوارە بێ برایە) (ئاوان، ئاوان) (هەوڵێک بۆ گەیاندنی دوو لێوار بە دەنگێک) (دەقی نا ئامادە بوون) (تۆز) (پیاوێک لەناو بایەکی بەکارهاتوودا دادەنیشێ و بیر لە ئاژەڵ دەکاتەوە).

* سەرچاوە: ئەنتەرنێت، دیوانی (محاولة وصل ضفتين بصوت).

* بەراسمان= فضاء، پانتایی